

# بنێشت..!

**د. ئازاد هیدایەت دەلۆ**
**(زانکۆی سۆران -  کۆلیژی ئاداب)**

+ ئەوە چی دەخۆی؟
- بنێشت !
+ بەڕاست
- بەڵێ.
+ دە بەشی منیش بدە (دەمی جانتاکەی کردەوە و بنێشتێک لە درێژەکانی دەرهێنا و گوتی)
- فەرموو.
+ من ئەمەم ناوێ !
- ئەی چیت دەوێ؟
+ ئەوەی نێو دەمت (بە پێکەنینەوە گوتی)
-چۆن دەبێت ئەوە بۆ تۆ پاک نییە.
+ قەیناکە من ئەوەم دەوێ.
-بۆ ئێ خۆ ئەمە نوێیە.
+ ئاخر ئەوەی نێو دەمت بەتامترە (سەری داخست و بنێشتەکەی لە دەمی دەرهێناو بە نابەدڵی گوتی)
- بگرە (لە دووری تەنیا دوو بستەوە بۆی هەڵدام، گرتمەوە و یەکسەر لە دەمم نا )
+ ئەڵڵااااااااااااه چەند بەتامە. (نیگایەکی کردم و دەنگی نەکرد-من بەردەوام بووم و گوتم)
ئێستا وا هەست دەکەم دەمی من و دەمی تۆ...
- ئێێێێ...!
+ هیچ هاوبەشن لە پرۆژەیەکدا.. (سەری داخست و لە ژێرەوە نیگایەکی توندی ئاراستە کردم)

- ئای ئای لەو نیگا کوشندەیە خۆ خەریکە قووتم دەدا (هاوکلاسەکانی ترمان بە ژوور کەوتن و پرۆفیسۆریش بەدوایاندا و هەریەک لە جێگای خۆی دانیشت).

* * *

کاتژمێر ١٢,٣٠ی شەو زەنگێکم بۆ لێ دا.

- ئەلو سەلام

+ سەلام خانم چۆنی؟

- خۆش بی بفەرمە.

+ ئەوە چییە دەڵێی نووستوی !

- یەعنی..

+ ئەڵێم خانم.

- بەڵێ

+ چەند ڕۆژێکە وانەکانم بە تەواوەتی نەنووسیوەتەوە.

- جا چیت دەوێ؟

+ ئەڵێم بەڵکو یارمەتیم بدەی.

- باشە دووسبەی، واتە شەممە هەموویت دەدەمێ (کۆپی)یان بکە.

+ کۆپی...!

- بەڵێ کۆپی ئەی چیت دەوێ.

+ جا توخودا خەتی تۆ بۆ خۆتیش دەخوێنرێتەوە تا منیش کۆپی لە بەر بگرمەوە !

- بە ڕاستە؟

+ ئەی خۆ گاڵتەشت لەگەڵ ناکەم، ئەمە حەقیقەتە (بەتوڕەییەوە گوتی)

- من یارمەتی تۆ نادەم.

+ نا نا خانم توڕە مەبە تۆ زۆر بە سۆزیت.

- باشە ڕۆژی شەممە دوای تەواوبوونی وانەکانمان هەموویت بۆ دەخوێنمەوە، تۆش بە دەستخەتە هیرۆگلیفییەکەی خۆت بیاننووسە، لەگەڵیشیدا بۆت ڕوون دەکەمەوە، باش؟

+ نەء.

- ئەی چی؟

+ بەیانی !

- ئێ بەیانی هەینییە، تەنانەت هەموو دەرگاکانی زانکۆ داخراون !

+ جا بۆ لەم شارەدا تەنیا زانکۆ هەیە ئێمە لە خۆ بگرێت؟

- ئەی خۆ جێگای تریشمان نییە !

+ بەڵێ.

- کوێ؟

+ پارکی لالە.

- پارکی لالەەەەەە!

+ ئائا بەڵێ پارکی لالە.

- ئاخر من لە ژیانمدا جگە لە زانکۆ و بەشی ناوخۆیی و ماڵی خۆمان زیاتر بۆ هیچ شوێنێک نەچووم.

+ جا چی تێدایە ئەم جارەیان بچۆ.

- ئاخر دەڵێن پارکی لالە... (قسەکەم پێ بڕی و گوتم)

+ دەڵێن چی شوێنی عاشقانە، یان شوێنی کات بە سەربردن و ڕابواردنە، وا نییە؟ ئێمە چیمان داوە بەسەرەوە تەنیا بۆ کاری خۆمان دەچین کە وانە نووسینەوەیە و هەمووی یەک کاتژمێر ناخایەنێ و دێینەوە.

- وەڵڵا نازانم بڵێم چی؟

+ بڵێم و مڵێمی پێ ناوێ بەیانی سەعات چواری دوای نیوەڕۆ لەوێ چاوەڕوانتم، باشە؟

- ئم.

* * *

بەیانی سەعات چوار دە دەقیقە کەم گەیشتمە شوێنی دیاریکراو، تەماشام کرد لە پێش منەوە لەوێیە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و پشتی لە منە، وردە وردە لێی نزیک بوومەوە و ویستم لە دواوە هەردووچاوی بگرم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە و ترسام توورە بێت و بڕوات، بۆیە لە لاوە چووم خۆم خستە لای پێشەوەی تا گەیشتمە لای.

+ خانم سەلام.

- سەلام.

+ ببوورە لە مێژە چاوەڕوانی؟

- نا...هەر پێنج دەقیقەیەکە لێرەم.

+ باشە کەواتە با بڕۆین.

- بۆ کوێ دیسان؟

+ ئێ دەچینە ئەولاتر لە بن ئەوەدارانە لەسەر کورسییەک دادەنیشین، خۆ هەر لەم پێش دەرگەیە نابین. (دەستی دایە جانتاکەی و بەڕێکەوتین، دووری نێوانمان مەترێک زیاتر دەبوو، هەموو ڕاڕەوەکان جووت جووت نێر و مێ دەست لەناو دەست و شان بەشان دەڕۆیشتن، هەندێکیان لا بە لا وا پێکەوە نووسابوون دەتوت هەروا پێکەوە لە دایک بوونە، سەریان بەسەر شانی یەکتریدا شۆڕکردبووەوە، هەموو جۆرە تەمەنێکت دەبینی پازدە بەسەرەوە لە کچ و کوڕ و پیر و جوان سەریان بەسەر یەکەوە نابوو، بەچرپە و هەندێکیشیان بە تریقە و پێکەنین ڕاز و نیازیان بۆ یەکتری دەردەبڕی، بن درەخت و ناو چیمەنەکەش سەرکورسییەکانیش هەموو جووت بوون و هەندێکیان لاولاو ئاسا تێک ئاڵابوون و غەرقی دنیایەکی پڕ لە زەوق و شەوق و تام و چێژ بووبوون. تەماشام کرد ئەوسەری داخستبوو، بەڕاڕەوەکەدا بەردەوام

دەڕۆیشتین، ئیتر من ئارامم نەماو پێم گوت)
+ ئەرێ خانم بۆچی تۆش دەستی من ناگریت ! هیچ نەبێت با خەڵک لێمان بگەن کە ئێمەش پێکەوەین. (خێسەیەکی لێ کردم و هیچی نەگوت، خۆم لێی نزیک کردەوە و لە ناکاو دەستم خستە ناو دەستی و توند پەنجەکانم تێکەڵ بە پەنجەکانی کرد، هیچی پێ نەکراو هیچیشی نەگوت، تەنیا هەستم پێی کرد کە ڕەنگ لە ڕوویدا نەمابوو. بەردەوام بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتین، هەرچەندە دەستمان لەنێو دەستی یەکتر بوو، بەڵام ماوەی نێوانمان نزیکەی چل سانتیمەترێک دەبوو، لە پڕ بە تەنگەبەرییەک گەیشتین، بەناچاری لێم نزیک بووەوە، لاشەی لابەلا بەر لاشەم کەوت، پشتی دەستم بەر لاران و سمتی کەوت، بەینی خۆمان بێت قورناسکیشم بەر شوێنێکی نەرم و هەوەس ئامێز کەوت، موچڕکێکی خۆش سەرتاپا لەشی گرتەوە، بەئاشکرا ترپەی دڵی ئەویش دەبیسترا، کە لە تەنگەبەرییەکە دەرچووین دیسان ویستی خۆی لێم دوور خاتەوە، بەڵام بوارم نەدا و قورناسکم لە قورناسکی توندکرد. هیچی پێ نەکراو تەنیا لە ژێرەوە بە نیگایەکی تەڵخ خێسەیەکی نارەزایانەی لێ کردم و بەس، وردە وردە لە کورسییەکی بەتاڵ نزیک بووینەوە، کورسییەکانی ئەوێ دوو دوو بەرانبەر بەیەک و مێزێکی بچووک لە نێوانیاندا بە زەوییەکەوە چەسپ کرابوون، ئاماژەم پێی کرد و گوتم:
+ ئەڵێی چی لەسەر ئەو کورسییە دانیشین. (بەبێ دەنگی ڕازی بوونی خۆی دەربڕی، هەریەکەمان لەسەر کورسییەک بەرانبەر بە یەک دانیشتین و مێزە بچووکەکەشمان لەنێواندا بوو، پیرە درەختێکی بەرز بەسەر سەرمانەوە لقوپۆپەکانی بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون، بۆنوبەرامێکی دڵگیرانە لەچیمەن و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان دەهات، بەهارێکی زۆر دڵفڕێن بوو سەرەتای مانگی گوڵان، گوڵە زەرد و سوورەکانیش بەزەوق و شەوقەوە سەریان پێکەوە نابوو، لەوە دەچوو ئەوانیش ڕازونیازی خۆیان بە گوێی یەکتریدا بچرپێنن، ئەو گوڵانە زۆر وەستایانە ڕیز کرابوون بە پێی ڕەنگ و قەبارە نەخشێنرابوون، بڕوا بکە هەست دەکەیت ڕایەخ و مافوورە، وا ڕاخراون دیارە ئەم وڵاتە بۆ خۆیان لەمافوور چنیندا مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بۆیە بە هەمان هونەر گوڵ و چیمەنەکانیان نەخشێنراوە، خانم دەستی بۆ جانتاکەی برد و دەفتەر و نووسراوەکانی دەرهێناو گوتی)
– دەی...
+ چییە دیسان؟
– بادەست پێ بکەین.
+ جا بەچی؟ خۆ من قەڵەمیشم پێ نییە ! (دەستی بۆ جانتاکەی برد و گوتی)
– ئەوەش پێنووس.
+ ئەی خۆ کاغەزیشم پێ نییە. (بە نارەزاییەکەوە چەند لاپەڕەیەکی لە دەفتەرەکەی خۆی کردەوە و گوتی)
– ئەوەش کاغەز. (دەستمان بە نووسین کرد ئەو وەستایانە وانەکانی بۆ دەخوێندمەوە لە گەڵیشیدا ڕوونی دەکردەوە، پاش ماوەیەک لە دەنگی تریقەی پێکەنینێکی گڕدار سەرم هەڵبڕی و لام کردەوە دووان لەسەر چیمەنەکە تێک ئاڵابوون و سەرگەرمی تام و چێژی یەکتری بوون، پاش کەمێک تێڕامان بە خانم گوت.
+ دەبینی چۆن... (نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم گوتی)
– جاچییان لێ بکەین کەیفی خۆیانە، ئێمە پێویستە کاری خۆمان بکەین...! (من بە بێزارییەکەوە قەڵەمەکەم فڕێ دایە سەرمێزەکە و بێدەنگ بووم، ئەویش دەستی بۆ جانتاکەی برد و دانەیەک بنێشتی "ابو سهم"ی دەرهێناو دەستی بە جوینی کرد، پاش کەمێک گوتم:
+ ئەی بەشی من بۆ نادەیت؟ (لە جانتاکەی دانەیەکی بۆ منیش دەرهێناو گوتی:
– فەرموو
+ من ئەمەم ناوێ
– ئەی دیسان چیت دەوێ؟
+ ئەوەی نێو دەمت. (ڕاستەوخۆ لە دەمی دەرهێنا و بۆی درێژ کردم)
+ نا ئاوها نامەوێ !
– ئەی چۆن؟
+ بیخەرەوە نێو دەمت (خستییەوە نێو دەمی، سەرم لێی نزیک کردەوە و هەندێک دەمم داپچڕاند و گوتم)
+ دە بە زمانت پاڵی پێوەنێ و بیخەرە نێو دەمم. (بە تووڕەییەوە خۆی کشاندەوە گوتی)
– دە بڕۆۆۆۆۆۆ... (لە بوارێکی منداڵانەدا کەوتمە پاڕانەوە و گوتم)
+ توخودا توخودا خانم تکات لێ دەکەم دڵم مەشکێنە (دیار بوو خانم بەزەیی پێمدا هاتەوە، بۆیە سەرێکی بادا و خۆی هێنایە پێشەوە و گوتی)
– ها بگرە (منیش سەرم لێ بردە پێشەوە و دەمم لێ داپچڕی، نێوان دەمی هەردووکمان تەنیا سێ تا چوار سەنتیمەتری مابوو کە بە زمانی وەستایانە بنێشتەکەی لە دەمی دەرهێنا و خستییە نێو دەمی منەوە، لەو کاتەدا زمانی بەر زمانم کەوت و هەستیشم بە تەڕایی لێوی خوارەوەشی کرد کە بەر لێوم کەوت، تامەزرۆیانە دەستم

به لیستنەوەی دەم و لێوم کرد و تام و چێژێکی تایبەتیم به بنێشتەکە داو گوتم)

+ ئەڵڵااااااااه چەند خۆشه (خۆی پێ نەگیرا و به تووڕەییەوه) گوتی:

– ئەزانی تۆ ئەمڕۆ زۆر ناخۆشت کرد !

+ بۆ؟

– ئەی من تا ئێستا دەستم بەر دەستی هیچ نێرینەیەک نەکەوتووه، ئێستا تۆ وات کرد زمانیشم بەر زمانت کەوێت...!)

+ جا توخودا خۆش نەبوو؟ (سەری بەرەو خوار شۆڕکرد و هیچی نەگوت، پاش ماوەیەک بێ دەنگی لەپڕ هەردوو دەستیم توند گرت و بەرەو ڕوومەت و دەم و چاوم و کەوتە ماچ کردن و ڕاموسینی پەنجەکانی) گوتم:

+ خانم توخودا لێم ببووره من له ژیانی خۆمدا تاکه وشەیەکی خۆشەویستی چییه له کەسم نەبیستووه، من زۆر هەست به تەنیایی و نامۆیی دەکەم، له زۆر شتی ئەو دنیایه بێ بەشم، بیست ساڵ زیاتره دایکم کۆچی دوایی کردووه، هێشتا کەسێک نەبووه دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، هیچ کەسێک نەبووه به هەست و سۆزەوه تەماشایەکم بکات، هیچ کەسێک نەبووه گوێ بۆ ئازارەکانم شل بکات، بۆیه تکات لێ دەکەم تۆ وەک مرۆڤ تەماشام بکه و لێم مەڕەنجێ. (تەماشام کرد خانم هەردوو چاوی بوونەته گۆمی فرمیسک و زۆر بەسۆزەوه گوێی بۆ قسەکانم شل کردووه، بۆیه دەستەکانیم گەڕاندەوه سەر مێزه بچکۆلەکەی نێوانمان و دەمم برد بۆ دەمی و دەستم به مژینی دەم و لێوی ناسک و پەڕەی گوڵ ئاسای کرد، له ئەنجامی سەرەلەقێی لێومژیندا سەرپۆشه شله به ئاستەم گیربووەکەی سەری بەپشتا کەوته سەر چیمەنەکه، دەستم خسته سەر گەردن و لاملی ورده ورده بەرەو خوار تاسەر سینه و مەمەکانی، وا له خواریشەوه هەردوو قاچمان تا ئەژنۆ به سەرەوه توند لێک ئالاون، هەستم کرد که به تەواوەتی هەموو لاشەی خاوبووەتەوەو غەرقی چێژ وەرگرتنه، حەزم نەکرد لەوه زیاتر ئازاری بدەم و قاچەکانم شل کرد و خۆمم کشاندەوه. به تیلەی چاو تەماشایەکی کردم و دەستی برد سەرپۆشەکەی هەڵگرتەوه و پێش ئەوەی خۆی پەیک بکاتەوه ماوەیەک له پرچه زەرد و خورماییەکەی ڕامام که له پشتەوه به ماشەیەک بەستبووی و تا ئێستا نەمبینیبوو زۆر سەرنجی ڕاکێشام و ئەوەندەی تر ڕوومەتی پێی دەدرەوشایەوه، خانم باڵابەرزێکی کەمەر باریک، دوو چاوی ڕەش کەمێک بەلای هەنگوینیدا، دەم و چاوی پڕ و سپی، دووکوڵمی گەش، پێشبڕکێی لەگەڵ مانگ دەکرد، خەندەیەک کەوته سەر لێوەکانی و دەستی بۆ جانتاکەی برد و تەماشایەکی مۆبایلەکەی کرد و گوتی)

– وابزانم درەنگه نەڕۆین؟

+ بەڵێ با بڕۆین. (هەڵساینه سەر پێ و بەڕێ کەوتین، هەر له یەکەم هەنگاوەوه خۆی بەرەو لام هات و قۆڵی کرد بەقۆڵمدا و توند پەنجەکانی گرتم، منداڵ ئاسا سەری نایه سەر سینەم و بەڕێ کەوتین، منیش دەستم خسته سەر شانی و زیاتر به خۆمەوه نووساند، کەوتینه سەر شەقامەکه و تێکەڵ به خەڵکەکه بووین، ئەوانەی وەک ئێمه له پارکەکەوه دەردەچوون حاڵیان له ئێمه باشتر نەبوو. دنیا تازه تاریک دەبوو، کزەبایەکی ساردیشی دەهات، بەڵام ئێمه واپێکەوه چەسپابووین هەستمان به سەرما نەدەکرد! نازانم بەچەند خولەک و چەند چرکه ڕێگای نێوان دوو وێستگەی پاسمان بڕی، ئینجا پێویست بوو لێک دابڕێین و ماڵئاواییمان له یەکتر کرد.

* * *

ئەو هەفتەیه زۆر ئاسایی گوزەرا و ڕۆژەکانی زانکۆ به ڕێوه چوو، ئێمه تەنیا پێنج قوتابی خولی دکتۆرا بووین، سیانمان کوڕ و دووانیش کچ، هەمووشمان تەمەنمان له نێوان سی تا سی و پێنج ساڵیدا بوو، خانم پێنج شەش ساڵ لەمن منداڵتر بوو، دەتوانم بڵێم له هەموومان منداڵتر بوو، چونکه تەنیا ئەو بیست و نۆ ساڵان بوو له هەموومان له پۆلدا زیرەکتر و به گفتوگۆتر بوو، ئێمه بۆ کاروباری زانستی و پێداویستی کارەکانمان هەموومان به مامۆستاکانیشەوه ژمارە تەلەفۆن و ئیمێلیشمان به یەکتر دابوو، بۆیه لەو سێ و چوار ڕۆژەدا چەند شیعرێکی عاشقانەی حافز و فیردەوسیم بۆی نارد، ڕۆژی چوار شەممه نزیکی نیوه شەو شیعرێکی نەزار قەبانی که به فارسی وەرگێڕابوو بۆم نارد، پاش نیو سەعاتێک زەنگی بۆ لێ دام.

+ ئەلو

– ئەلو سەلام.

+ سەلام

– نەخەوتووی؟

+ نەخێر دانیشتووم و خەریکی ئینتەرنێتم.

– ئینتەرنێت! وا دیاره به دوای کچان دەگەڕێی !

+ نەخێر که من تۆم هەبێت پێویست ناکات به دوای کەسی تردا بگەڕێم. (بەنازێکەوه گوتی)

– جاوایه؟

+ ئەی قابیله.!

– باشه بەیانی پێنج شەممەیه.

+ ئەزانم.

- هیچ کارت نییە.
+ نەء بۆچی؟
- ئەڵێم...
+ دەڵێی چی؟
- هیچ هەروا.. ئەزانی ئەو شیعرەی ئێستا بۆت ناردم زۆر خۆش بوو !
+ بە دڵت بوو؟
- زۆر قەت نەمزانیوە شیعریش ئەوەندە تام و چێژی هەیە.
+ ئەی چی؟ بۆ تۆ وادەزانی تام و چێژ تەنیا لە زانستدا هەیە!
- ڕاست دەکەی، ئەڵێم بەیانی چی دەکەیت؟
+ دەپێم بڵێ چیت دەوێ؟
- ئاخر... خۆکارت نییە؟
+ نانا دەستم بەتاڵە و هیچ کارم نییە.
- ئێ کەواتە...
+ کەواتا چی؟ دە بڵێ چیت دەوێ؟
- ئەڵێم... نازانم تۆ بڵێ.!
+ کچێ من چوزانم تۆ چیت دەوێ؟
- ئاخر خۆ بەیانی پێنج شەممەیە و کلاسیشمان نییە.
+ بەڵێ وایە، هیچ کاریشمان نییە.
- کەواتا...دوای نیوەڕۆکەی...
+ ئێ دوای نیوەڕۆ چیت دەوێ؟
- دە چوزانم... تۆ بیڵێ (ئەمەی دواییانی زۆر بەتوورەیی گوت، بۆیە منیش بەپێکەنینێکی هێمنانەوە وەڵامم دایەوە)
+ باشە باشە دەزانم خانم گیان من لە تۆ پەرۆشترم، بەیانی سەعات چواری پاش نیوەڕۆ لە هەمان جێگا، باشە؟
- زۆر باشە، حەزت لەچییە بۆت بێنم؟
+ هیچ تەنیا خۆت.
- نانا بڵێ.
+ بەخودا هیچ.
- ئاخر... دەباشە تەنیا یەک قاڵب کێک دێنم، بە دەستی خۆم دروستی دەکەم.
+ ئەڵڵااااااااه قوربانی دەستت بم.
- خوابکات تۆ لێی ڕازی بیت زۆر باشە.
+ کچێ هەرچی لەتۆوە بێت بۆ من بەلەزەتە، هەرچەندە تۆش وەک من لە بەشی ناوخۆی، ئەی کەرەستە و شت کێ بۆت دێنێ؟ (بەنازێکەوە)
- خەمت نەبێ هەموو شتێک ئامادەیە !
+ ئاوا کەواتە بەرنامەت بۆ هەموو شتێ داناوە؟
- ئەی چۆن ژیان بەبێ بەرنامە دەبێت؟
+ دەباشە کەواتە جارێ خوات لەگەڵ با باڵانسەکەت تەواو نەبێت.(بە پێکەنینەوە)
- باڵانس! دەباشە خوات لەگەڵ.

* * *

لەو ماوەیەدا تا سەرەتای هاوین وکۆتایی وەرزی خوێندن چەندان جار لە گەڵ خانم سەرەتا حەفتانە و دواتر کردمانە هەفتەی دوو جار، ئێمەش وەک هەموو کەسانی ناو پارکی لالە وەستایانە هەڵسوکەوتمان دەکرد و تامو چێژمان لە ژیان وەردەگرت، هەرچەندە ئەو شیرازی بوو، بەڵام وەک من زۆر درەنگ درەنگ دەچووەوە، تەنیا کۆتایی کۆرسەکان نەبێت لە تاران دوور نەدەکەوتەوە، کۆتایی مانگی پوشپەڕ هەموومان ڕۆژێکمان دیاری کرد و چووین بۆ ئەنجام وەرگرتنەوەی ئەو کۆرسە، هەموو قوتابییەکانی تر بە نمرەی باشیشەوە دەرچوون تەنیا من و ئەو نەبێت هەر یەکەمان سێ دەرس مابووینەوە، بەلای منەوە زۆر ئاسایی بوو، بەڵام هەستم کرد ئەو قوڕگی پڕبوو لە گریان و فرمێسکیشی بۆ ڕانەدەگیرا، یەکێ لە هاوکلاسەکان لێی چووە پێشەوە و پێی گوت:

* باشە خانم خۆ تۆ زۆر زیرەک بووی ئەی بۆچی؟ (یەکێکی تر گوتی):

* دەی...کۆرسێکی تر دەتوانن بە ئاسانی هەڵی بگرنەوە. (منیش کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بووم سەرم بردە لایەوە و بە گوێمدا چرپاند و گوتم):

+ ئەمە باجی خۆشەویستییە دەیدەینەوە. (تەماشایەکی کردم و هیچی نەگوت، پاش کەمێک بێدەنگی دووبارە خۆم لێی نزیک کردەوە و پێم گوت):

+ بنێشتت نییە؟ ئەم جارەیان سەری هەڵبڕی و بزەیەک کەوتە سەر لێوانی، برۆابکەن ئێستا و ئەوساس تابلۆی وا جوان و دڵڕفێنم لەژیانمدا نەبینیوە، فرمێسکی قەتیس ماو بەچاو و ڕوومەتییەوە و بزە خەندەیەکی لە هەنگوێن شیرینتر لەسەر لێوانی!.

**٩ی گوڵانی ٢٧١١کات چواری بەیانی**